# هەڵەبجەو ئەنفال لە پەراوێزیی حکومەتدا ....؟

هۆشیاری عەبدولعەزیز
hoshyarebdelaziz@yahoo.com

وەك دەوتـرێ شوناسـی ڕاسـتەقینەی دەوڵـەت پەیوەسـتە بـە بنـەماکانی سیـستەمی بـەڕێوەبردنی حکومـەتکردن وڕاپەڕانـدنی ئـیش و کارەکانـەوە  کـە ئـەویش خـۆیی لـە ڕێکخـستن و پراکتیزەبـوونی سیستەمی جێ بەجێکردندا  دەبینێتەوە  لەگەڵ ڕای گشتی کە  یەکێکە لە گرنگترین ئەوسترۆکتۆرانەی کـە ڕەوت و ئاراسـتەی مەسـەلە گرنگـەکانی کۆمەڵگـە پێکـەوە گرێـدەدا .جـا چـی لـەبواری کـاریی خزمەتگوزاری بێت یان پرۆسەی چاکسازی کردن یان کاراکردنی سیستەمی بەڕێوەبردن بەوئاراستەیەی لەگەڵ پێکهاتەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا ئاراستەیەکی تەندروست بەرجەستە بکەن ئەمەش بۆ بنیادنانی دەزگایـەکی تۆکمـەو بابەتیانـەی گـرنگ کـە رایـی گـشتی وحکومـەت تێیـدا  سـەرکەوێ مەسـەلەیەکی پێویـستەو نـاکرێ نەخرێتـە بـواریی کارکردنـەوە . چـونکە بـە وردبونـەوە لـە سێـستەمە نیمـچە دیموکراتیەکان بوونی ڕاسـتەقینەی قورسـایی دەسـەڵاتی سیاسـی و میکـانیزمی بـەڕێوەبردنی دەسـەڵات بەندە بەچۆنیەتی بەکردار کردنی ئەرك و مافی هاوڵاتی لە بەرپرسـیاریەتی بەرامبـەر بـەو شوناسـەی کە تۆدەتەوێ بە دەوڵەت و سیستەمی یاسایی بـەڕێوەبردنی حکومـەتی ببەخـشی ،نـەك بەچـەندایەتی وبە هێزکردنی تاکە بـاڵا دەسـتەکان کـە زۆرجار لەبازنـەی سیـستەمی سیاسـی حیزبـی و ئاراسـتەی بـە حیزبی بوونی بەرانبەر زیاتـرهیچ نازانن و کۆمەڵگا تووشیی گرفت وئیفلیجی و سەر لێشێوان دەکـەن ، رێك وڕاست ئەم حاڵەتە لەکۆمەڵگایی ئێمەدا بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار چەکەرەی کردوەو هەرچی مەسەلەی خزمەت و ئاراستەی حکومەتکردنە تێـك چووەو بوەتـە بابـەتی پـەراوێز، چونکە نـەبوە لـە دونیادا حکومەت دوای 16 ساڵ لە حوکمڕانی خۆماڵی و ڕاگەیاندنی کابینەی نوێ و پەرلەمانی تـازەوە بە هەمان ئاراستەی تاس وحەمامی نەگۆڕ و ڕیتمی سیاسی جارانەو ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو کار لە سەر حیزبی بوون و دەسکەلای ئارەزووەکانی حیزب، کـار لـە سەرخواسـتی پلـەو پایـەی  دەسـەڵات و تاکـەکانی نـاو خـودی دەسـەڵات بکـات و لەولاشـەوە وەك هەمیـشە بـە فرمێـسکی تیمـساحی ئـاو بەسـەر ئاگری ئەو ڕابردووە نارۆشنەی کەئـەزمونێکی تـاڵی لێوەبـەر هـاتووە بکـەن  و شـێوازێکی کـۆپی کـراوی جاران و ئەقڵیەتی حیزب سالاری مژدەی کاریی باشتر وبابەتیانەمان  پێبدەن وەك ئەوەی کـە چـەندین ساڵە بـە پاشماوەکـانی کارەسـاتی هەڵەبجـەو ئـەنفال دەدرێ ، بـە مـەرجێ نـەتوانراوە دوای ئـەو هـەموو ڕووداو گۆڕانکاریە سیاسیانەی کە بەسەرئەم کارەساتەدا هـات کـارێکی وای بکـەن پاشماوەکـانی ئـەم دوو پرۆسـە ترسـناکە پێویـستیان بـە نوێنـەرو دەمڕاسـت نـەبێت کارەسـاتەکە لێرەدایـە کـە گـەورەترین دووکارەساتی نەتەوەی بەبێ نوێنەر کار لە سەر خزمەتکردنیان ناکرێت و نەبوەتە جێی نیگەرانیـەکی هەمیشەیی حکومەت و بەرنامەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەوتۆی بۆ دابڕێژێت کـە هـەموو ترسـێکی لەو جۆرە لەسەر نەوەکانی داهاتومان دوورخاتەوە و ببێتە هۆکاریی لە خود ڕازیی بـون و سـەرکەوتنی خواستەکانمان کە کەس وکاریی پاشماوەکانی ئەو دوکارەساتە چاوساغیی ئەم ڕۆژەمان بوون چونکە گەر چاوێك بەسەر کارەساتەکانی میللەتانی تری غەیرە کورد دا بگێڕین دەبینین چۆن لە ڕێگەی حکومـەت

و بەرنامەی تۆکمەوە کار لە سەر شێوازیی خزمەتیان دەکرێت ، پەراوێزخستنی کارەساتی هەڵەبجەوئەنفال ،ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە تاکو ئێستا ئەو دوو پرۆسە ترسناکە نەیتوانیووە کاریگەریەکی ئەوتۆ لەسەر دەسەڵاتی کوردی و بیری سیاسی ستراتیژی دەسەڵات دابنێ و یان راستر بێژم ئەو دووپرۆسە ترسناکە نەبوەتە جێ بایەخی  خودی دەسەڵات و ئەو شوناسەی کە لە نێوان دەسەڵات و ڕایی گشتیدا هەیە ،بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە تاکو ئێستا پرۆسەی کیمیاباران و ئەنفال وەك کێشەیەك لە خوێندنگایەك یان دامودەزگایەکی فێرکردن نەبووەتە بابەتێکی گرنگ کەنەوەکانی تازەو داهاتوومانی پێ ئاگادار بکرێتەوە. بێ ئاگایی وکەم تەرخەمی لە ئاست ئەو کارەساتانە گەیشتۆتە ئاستێك  ئەم پرۆسە ترسناکانە وەك سەرچاوەیەکی مەترسی هەمیشەیی لای نەوەکانی ئێستاو دوارۆژمان نەبوەتە بابەتی حاڵی کردن ولە بەرانبەریشدا دەتوانێت وا لەدوژمن بکات کە گومانی لە ڕاستی  ئەو ڕوداوانە  هەبێت و نەوەکانیشمان ناتوانن لەپاشەڕۆژ بەرنامەو ستراتیژێیەتێکی ئەوتۆ بۆ پاراستنی خاك و بەرژەوەندیەکانیان دارێژن وەك میللەتانی تر. هەر بۆیە بۆ دوور خستنەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی داهاتووی خۆمان و نەوەکانمان پێویستیمان بەگۆڕانکاریەکی بنەڕەتی و گەورە هەیە لە شێوەی بیرکردنەوەو ستراتیژمان،بێ ئەو گۆڕانکاریەش هەمیشە لەژێر ترس و هەڕەشەی داهاتوو دەمێنین.ئەو گۆڕانکاری و ستراتیژەش لەودا  خۆی دەبینێتەوە کە چۆن ستراتیژێکی بابەنیانە تۆکمە بۆ دوارۆژ دارێژن  بێگومان ئەمەش لەخۆیدا کارێکی سەخت نییە و پێچەوانە  دەکرێ لەڕێگای بەرنامەیەکی زانستی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە هێزەوە کار لە سەر پایەکانی بکرێ و بۆ کار لەسەر کردنیشی پێویستیمان بە هەنگاوی بابەتیانەو و پۆزەتیڤانەیەو دەکرێ لە ڕێگەی پرۆسەی نوێگەری و کاری خزمەتگوزاریی و بەرنامەی گرنگەوە کار لە سەر ئەم مەسەلەیە بکرێ  ئەویش بە ئاراستەی ئەوەی کە ئەمڕۆ بەجیاواز لە جاران دەسەڵاتی کوردی  بیر بکاتەوە و لەدوشمی سەردەمی شاخ و جەنگاوەری و ڤارەمانێتی خۆی بگوێزێتەوە بۆ ناو ئەقڵیەتی مەدەنیانەی ئەمڕۆ کە لەگەڵ گۆڕانکاریە ڕیشەیەکاندا بگونجێت وبتوانێ لە ڕێگەیەوە  مامەڵە لە گەڵ ڕوداو پێشهاتەکاندا بکات و هاوکات خەڵك و هێزی جەماوەر بکاتە بنەمایەکی  مەرجەعی بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە هەنوکەیەکان و ئەو مەسەلانەی کە خودی خەڵك و بەتایبەت پاشماوەکانی ئەو دووکارەساتە قسەی لە سەر دەکەن ، بەڵام تەنها گوێ گرتن بۆ پڕکردنەوەی کات نەبێ وەك ئەوەی لە ماوەی ڕابردو تائێستاش پاشماوەکانی قوربانی بە دەمێوە دەناڵێنن و دەبێ  لە ئاراستەی نادیاریەوە کردارەکانیان بگۆڕن بۆ هاوتەریب بوون لەگەڵ ئاراستەی خەڵکداو ئەوەشی لەبیر نەکەن ئەگەر قوربانیەکانی پاشماوەی قوربانیەکانمان نەبوایە زۆریی مابوو ئەوان لە سەر کورسیی دەسەڵات وحکومەتکردن دانیشتنایە ...